# ۆ/ئەمیری حاجی داود-کازیوە ! ئەی 31 ی ئاب؟!

حەمەلاو زۆراب

چاوپێکەوتنەکەی ئەمیری حاجی داودم خوێندەوە کە لەگەڵ کازیوە صالح دا سازی کردبوو، بوێری وکەڵەڕنی لە کازیوەدا بەدی دەکرا ، وادەردەکەوێ ئەو ڕنخوازێکی بێلایەنە ،بە چاوەکانی منیش بێلایەنم و لەو کەسانەشم کە متابعەی بەرهەمەکانی کازیوە دەکەم.. بەلاّم ئەمیری حاجی داود لە پرسیارەکاندا دەردەکەوێ چەند رقی لە یەکێتی ومام جەلالە وچەند پاراستنانە ئەو چاوپێکەوتنەی کردووە ،زۆری مەبەستەو هەر واز ناهێنێ و دەیەوێ کازیوە بڵێ :کاك مەسعود کوردی گەیاندۆتە ئەم قۆناغە و مام جەلال کوردایەتی بۆ دواوە بردووە ، بەدڵنیاییەوە جەلال تاڵەبانی لەبەرئەوەی زیاتر لە 55 ساڵە سیاسەت دەکات هەڵەی چاکیشی کردووە ،بەلاّم خۆ کاك مەسعودیش 31 ئابی 1996 نامەی(بەسوپاسەوە بە دەنگمانەوە هاتی) بۆ دکتاتۆری کورد کوژ صدام ناردووە وهێشتا مەرەکەبەکەی وشك نەبووەتەوە و ئێستاش کوردو هەولێرو معارەزەی عراقی بەدەست ئەو خیانەتەوە دەناڵێنن ، دەبوو یەکەم پرسیارەکەی کاك ئەمیر ئەمە بووایەو (کازیوە)ش دەبوو بۆ بەراوردی هەڵەی سەرکردەو داکۆکی لە بێلایەنی خۆی وهەڵوێستی سیاسی وفیکری خۆی لە وەلاّمەکەیدا ئاماژەی بەو کەلێنە گەورەیەی ژیانی سیاسی کاك مەسعود بکردایە نەك ئەو وەلاّمە لاوازانە ، ناشڵێم خەڵکینە وەرن فیفتی فیفتی رەخنە لەو دوو حیزبە سەرەکی‌یە بگرن بۆ ئەوەی بێلایەن بن ،بگرە بەرەش بڵێن رەش وبەسپی یش بڵێن سپی نەك وەکو ئەوەی لە چاوپێکەوتنەکە هاتووە !پاشان بەخۆی زانیبێ یا نا ئەو بێلایەن نی‌یە کە پاراستنێك چاوپێکەوتنی بە غەرەزی لەگەڵ دا دەکات بۆ (ئاشکراکردنی خراپەکانی لایەك) و دەشڵێ دەزگای ئاراس تاقە دەزگایە کە بەرهەمی بۆ بلاّو دەکاتەوە و هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ بلاّوکردنەوەی کتێبەکانی (حەمەسعید حەسەن) نی‌یە! بەهیوای ئەوەی لە سەنگەری بێلایەنیەوە خەڵك چەواشە نەکرێت و شکور هوشیارە مەحوی و تێدەگا .... دڵنیاشبن ئەگەر باسی کاك مەسعودو ئەو بەراورد کاریە نەهاتبایەتە ئارا هەرچی لەسەر هەڵهاتنی خۆی وکارە خراپەکانی یەکێتی بنووسرایە لەو چاوپێکەوتنە (نقد) م نەدەکرد!

hemelawzorab@yahoo.com